# حوكمی ئەو ذیكرە بەكۆمەڵانە چیە كە لەنوێژەكانی تەراویحدا دەوترێت

[ كردي – كوردی – kurdish ]

**دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم الذكر الجماعي بين ركعات صلاة التراويح ﴾

« باللغة الكردية »


فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی ئەو ذیكرە بەكۆمەڵانە چیە كە لەنوێژەكانی تەراویحدا دەوترێت

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

پرسیار : خۆشەویستان لەهەندێك مزگەوتەكانی ناو شاری سلێمانیدا لەكاتی نوێژی تەراویح وبەدیاری كراوی لەنێوان هەردوو ڕكاتێكدا هەندێك ذیكر و وویرد دەخوێنرێت ودەوترێت وەك ( سبحان القائم الدائمي سبحان الدائم القائمي سبحان ربي الاعلى سبحانه وتعالى) و هەندێك ذیكری تریش، ئایا خوێندنی ئەمانە سوننەتن ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

وەڵام : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

خوێندنی ذیكری بەكۆمەڵ وووتنەوەی بەیەكەوە لە سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دا نەهاتووە، هیچ كەسێكیش لەخەلیفەكانی ڕاشدین نەیانكردووە، وە بەدیاری كراویش ئەو ذیكرەی جەنابت ئامارەت پیكردووە، بەهیچ شێوەیەك لەنێوان ڕكاتەكانی نوێژی تەراویحدا ووتنی سوننەت نییە، بەڵكو دەچێتە چوار چێوەی بیدعە وزیادەكردنی عیبادەتێكەوە كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەنجامی نەداوە، هەرشتێكیش ئەو ئەنجامی نەدابێت ئەوە دەدرێتەوە بەسەر خاوەنەكەیدا ولێی وەرناگیرێت، وەك لەفەرموودەی سەحیحدا هاتووە: عن عائشة رضي الله عنها قالت قال رسول الله صلى الله عليه وسلم « من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد » [متفق عليه] واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: هەركەسێك هەرشتێك لەم ئاینەی ئێمەدا دابهێنێت وتێیدا نەبێت ئەوە دەدرێتەوە بەسەریدا .

بۆیە مەسئەلەی عیبادات وپەرستن لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا کارێکە لەسەر بەڵگە ودەلیل ڕاوەستاوە، هیچ کەسێك ناتوانێت عیبادەتێك یان پەرستنێك لەدیندا بڕیار بدات ئەگەر بەڵگەیەکی لەقورئان وسوننەت لەسەر نەبێت .

ئەو ذیکرەیش کە تۆ لە پرسیارەکەتدا باست کردووە، یان هەر ذیکرێکی تر کە بەدەنگی بەرز بووترێتەوە لەنێوان ڕکاتەکانی نوێژی تەراویحدا دەچیتە ئەم چوار چێوەیەوە وبە بیدعە دادەنرێت و دروست نییە مادام پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) ئەنجامی نەدابێت ..